# " گێڕانەوەی بیرەوەری، یان، ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستیەکان"

هەڵوێستەیەك لەسەر قسەکانی حسێن شەبەق

سەعید ئەمانی

چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە کەناڵی asosat وە دیدارێك لەگەڵ حسێن شەبەقی شاعیر بڵاو کرایەوە کە بە ڕواڵەت تایبەت بوو بە بیرەوەریەکانی ژیانی سیاسی و ئەدەبی بەڕێزیان.

دیدارەکە وتووێژێکی نیمچە درێژی لەخۆگرتبوو کە گەلێك بابەتی گشتی و تایبەتی تێدا باس کرا. ئەوەی لەو وت و وێژە دا منی وادار بە نووسینی ئەم بابەتە کرد ئەوە بوو بەڕێزیان لە وڵامی پرسیارێکی لە پێشدا تەوافوق لەسەر کراو دا، سەبارەت بە شەڕی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە وتی: ئەم ڕووداوە تاڵە سەرچاوە گرتوو لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوکوردستان نەبوو بەڵکوو ئیدەیەکی واریداتی بووبەهۆی ئەم شەڕە کە ئەویش لەلایەن سەهەندیەکانەوە هێنرایە کوردستان.

کاك حسێن لەدرێژەدا ئاماژە بە وتووێژێکی ئەوکاتی بەرێز ئیبراهیمی عەلیزادە دەکات لەگەڵ پێشرەو، ئورگانی کومیتە ناوەندی کۆمەڵە، و دەڵێ: کاك برایم وتویەتی ئەم شەڕە شەڕی دوو بەرەی لە ئاشتی نەهاتوو و دژ بە یەکە، واتە بەرەی چینی کرێکار و بەرەی بورژوازی و شەڕێکی ئیجتناب ناپەزیرە.

کاك حسێن بۆ ئەوەی خەتاکانی ئەم شەڕە لە ئەستۆی هەڵگیرسێنەرانی سەرەکی تێك هەڵچونەکان لابەرێت، و تەنانەت ئەندامانی کوردی ڕیزەکانی کۆمەڵەشی لێ بێبەری بکات، ناسیاسیانە و لە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستی تەنگنەزەرەوە بە فیتی ئەندامانی سەهەندی دەزانێ و ئەڵێ: ئیبراهیمی عەلیزادە خۆی خاوەنی ئەم قسە و هەڵوێستە نەبوو بەڵکو پێی دیکتە کراوبوو!! دیارە لەبەر ئەوەی کاك ئیبراهیم یش کوردە، بۆیە حسێن شەبەق لە ڕوانگەی خۆیەوە بەم شێوەیە، پاکانەی بۆدەکات. وەك ئەوەی دوور و نزیك، قەت لە خاکی کوردستان دا شەڕی نێوخۆیی ڕووی نەدابێت بێجگە لە شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و ئەویش بەفیتی غەیرە کوردەکان هەڵگیرساوە.

بەلای منەوە، نابێ مێژوو بە پێی بەرژەوەندی و لەبەر دڵی ئەم و ئەو ئاوەژوو بکرێتەوە و بشێوێندرێ. پێویستە ڕابردوو بە گشت تاڵی و شیرینیەکانیەوە ڕاست و دروست بۆ ئیستا و داهاتوو بخرێتە ڕوو. بەداخەوە

ئەوەی کاك حسێن دەیەوێ بۆ بینەری ڕوون بکاتەوە، ڕاست بە پێچەوانە، شێواندن و ئاوەژوو کردنەوەیەکی بە ئاشکرای ڕاستیەکانی ئەو سەردەمەیە بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئەمرۆیی.

دڵنیام، ئەم پرسیارە بە ئەنقەست و مەبەستتێکی تایبەت ئاخنراوەتە نێو ئەم وتوویژەوە. ئەویش بۆ دەربڕینی دژایەتی سەرلەنوێی ئەفکاری ڕابردووی و تاوانبار کردنی ڕەوتی چەپی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و دڵدانەوەی ئەو لایەنانەی ئێستا خۆ بە هاو جیهەتیان دەزانیێ. وەگەرنا خودی کاك حسێن ئەگەر تا ئەوڕادەیە پەیڕەوی لە دەستورەکانی عیسامەسیح دەکات، و پێی وایە دەبێ ئەگەر بە زللە لا ڕومەتیان تەزاندی پێویستە ئەولای تریشیان بۆ ڕاگری تا پێی داکێشن و لەم ڕوانگە و بۆچونەوە، کۆمەڵە خەتابار دەکات بەوەی کە لە بەرانبەر حیزبی دیموکرات دا دیفاعی لە خۆی کردووە، نەدەبوو خۆی و حیزبەکەی لە بەرانبەر هاوسەنگەرانی دوێنێیاندا و لە چوارچێوەی ئوردوگایەکدا دەست بۆ چەك بەرن. لێرەدا بەوئاکامە دەگەین کە بۆخۆشی بڕوای بە تێزەکەی نیە بەڵکو تەنیا ویستویەتی جارێکی تریش دژایەتی خۆی لەگەڵ ڕێبازە چەپ و کومونیستیەکەی کۆمەڵە دوپات بکاتەوە.

ڕەنگە کاك حسێن بڵێ ئێمە نەمان دەویست تەسلیمی داوا ناڕەواکانی باڵی زۆرینە بین!. ئەگەر وڵامەکەی ئەوە بێت منیش دەپرسم ئەی کۆمەڵە لە بەرانبەر حیزبێکدا کە دەیوت دەبێ بە برا گەورەم بزانی، بەبێ ئیزنی من قامك لە ئاو نەخەی دەنا، شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە!،چی بکردایە؟ غەیری بەرپەرچدانەوەی ئەم لۆژیکە نامەنتقی و دواکەوتوانە نادیمکراتیکەی حیزبێك کە پێی وابوو بەهێز بوون و بەرین بوونەوەی حەوزەی نفوز و دەسەڵاتی هەر جەریانێکی تر، بە تایبەتی کۆمەڵە، جێگای پێ لێژ دەکات و لە هەیبەت و هەیمەنەی دەسەڵاتی کەم دەکاتەوە و بەم هۆیەوە دەبێ بە هەر شێوەیەك بێت بەر بە گەشە و هەڵدانیان بگیرێ. دیارە، کۆمەڵەش جەریانێك نەبوو بە هاسانی بچێتە ژێر باری قەبوڵکردنی ئەم داوا ناڕەوایەوە، و بە مافی خۆی دەزانی بەرەنگاری ببێتەوە. لەبیرمانە هێرشی هێزەکانی حیزبی دیموکرات بۆسەر مقەڕی سازمانی پەیکار لە شاری بۆکان لەبەر شەڕفرۆشی پەیکار نەبوو، بەڵکو لەو ڕاستیەی سەرەوە سەرچاوەی گرت.

ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی کاك حسێن لەوێوە سەرچاوەی گرتبێ کە پێی وایە بە ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستیەکان و دڵدانەوەی لایەنێك و، لە بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەیدا، ڕەوتێکی چەپ و کۆمۆنیستی ڕاستگۆ و بێ ڕاڕایی وەك کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەتابار کردن، دەتوانێ بەر بە ڕوداوی تاڵی

لەم چەشنە لە داهاتوودا بگریٚ. کە من پێم وایە دروست پێچەوانەکەی دەتوانیٚ بەر بە سەرەڕۆیی، خۆ بە زلزانی و لە ئاکامدا دووبارە بوونەوەی شەڕی ناوخۆ بگریٚ.

ئەو قسە و هەڵوێستانەی کاك حسێن لەم دیمانەیەدا دەریبڕین منی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە بەڕێزیان بە هەڵە، یان بە ڕێکەوت هاتۆتە ناو ڕیزی جەریانێکی چەپ و کۆمۆنیستی وەك کۆمەڵەوە، بۆیە وا بیٚ ڕەحمانە ڕەخنەی لیٚ دەگریٚ و تاوانەکانی خەڵکی تریشی بە ئەستۆدا ئەدات.

حسێن شەبەق باش دەزانیٚ کۆمەڵە شەڕفرۆش نەبوو. ئەو بەردەوام لە هەوڵی دامرکاندنەوەی ئاگری ئەوشەڕە دابوو. ئێستاش داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان، کە لە قاڵبی تۆماری جۆراوجۆر دا ئاڕاستە دەکران و خوازیاری کۆتایی هێنان بەو شەڕە بوون و بە بەردەوامی لە ڕادیۆدەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بڵاودەکرانەوە، لە گوێی من و کاك حسێن دا دەزرنگێتەوە، و دشزانین لایەنی بەرانبەریش تا چ ڕادەیەك خۆی لەو داواکاریانە گێل کردبوو. کۆمەڵە داکۆکی لە ئازادی بیٚ مەرجی ڕادەربڕین دەکرد، ئەگەر لەو شەڕەدا هێندێك جار حاڵەتی هێرشبەرانەی بەخۆیەوە دیتووە، کە بوویەتی، ئەویشی لە ڕاستای دیفاع لە ئازادی بیٚ شەرت و مەرج و هەڵسوڕانی ئازادانەی سیاسی خۆی و باقی جەریاناتی تری ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا بوو. ئێستاشی لەگەڵدابێت شێلگیرانە پێداگری لە چەسپاندنی ئەو ئەسڵە دەکات.

کاك حسێن بۆ ئەوەی لە بەرەی ڕاستدا جێگای بکەنەوە پێویست ناکات زۆر بگەڕێتەوە دوواوەو هێرش بکاتە سەر بابەتێك کە بۆنی بەرەنگاری و هەڵوێستێکی چەپ و کۆمۆنیستی لیٚ دێت. هەر ئەو هەڵوێستەی ئێستا وەریگرتووە کافیە بۆ گەیشتن بەو مەرامە.

۱۲ مارسی ۲۰۰۹